# کوردانی شیّعە و وشیاریی نەتەوەیی،
# بە بیانووی عاشوورای حکوومەتییەوە

**خەلیل غەزەڵی**

چاوێک لە مێژووی کورد نیشانی دەدات کە سەرەڕای دابەشکردنی خاکەکەی لە نێوان چەند وڵاتدا، لەباری ئایین و مەزهەبیشەوە چەشنێک دابەشکردنمان بەسەردا سەپاوە.
گەرچی دابەشکردنی خاک و نەبوونی کیانێکی یەکگرتوو ، لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا (بمانەوێ و نەمانەوێ) زیانی زۆری پێگەیاندوین، بەڵام بوونی فرە ئایینیش لە کوردستان(لە نێو گەلی کورد مەبەستە، نەک کەمە نەتەوە و ئیتنیکەکانی دیکەی دانیشتووی کوردستان) کەم زەرەری نەبووە.واتا زۆرجار بەهۆی ئایینی جیاوازەوە گرژی و تەنانەت شەڕ و خوێنڕشتن و یەکتر کوشتن کەوتووەتە نێوانمانەوە.
مەبەستی من لە هێنانەگۆڕی ئەم باسە ئاوڕدانەوە لە مێژووی کۆن نییە، بەڵکە چاوخشانێکە بە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و دەوری ئایین و مەزهەب لە زیان گەیاندن بە یەکێتی نیشتمانی و وشیاریی نەتەوەییدا. دیارە باسی ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان پێویست بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و مێژوویی دەکات ، کە لەم بابەتە کورتە دەست نادات.
من دەمەوێ لەم بابەتەدا بەشێوەیەکی کورت و کونکرێت باسی بوونی ئایینی ئیسلام لە دوو مەزهەبی شیعە و سونی لە کوردستان دا بکەم، کە لە سەردەمی نوێدا چەندە توانیویە زەرەمەند بێت.
لەو کاتەوە کە شۆڕشی نوێی کورد بەخواستی نەتەوەوایەتییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دێتە ئاراوە و بەتایبەت پاش شۆڕشی مەشرووتە، ناوچە کوردنشینەکانی بە مەزهەب شیعە بەشێوەیەکی گشتگر بەشداریی ناکەن و تەنانەت لە هێندێک شوێن دژایەتیشی دەکەن. کە نموونەی هەرە دیاری خالۆ قوربان(خەڵکی کرماشان و یەکێک لە گەورە ناودارانی شۆڕشی جەنگەڵ و پشتیوانی میزاکوچەک خان)، دێتە شەڕی کوردان و بەدەستی هێزەکانی سمایل ئاغای شکاک(سمکۆ) دەکوژرێت. پاشتریش لە سەرهەڵدانی شۆڕشی مودێرنی کوردیدا و بەرپاکردنی کۆماری کوردستان، ئەم ناوچانە دیسان بەهۆی تەعەسوبی مەزهەبی و گرنگیدانی زۆرتر بە مەزهەب تا هویەتی نەتەوەیی، بەشدارییەکی ئەوتۆ ناکەن. ئەڵبەت بەهۆی دوور بوون و داگیر کردنی ئەو ناوچانە لەلایەن هێزەکانی بریتانیا و ئامریکاوە، ئیمکانی پێوەندی نێوان کۆماری کوردستان و ئەو ناوچانە نەبوو، بەڵام بەنیسبەت ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە دوور لە کۆمار بوون، کەمتر هاوسۆزیی و بەشداریی رۆشنبیران دەبینین.
بە شێوەی زەقتر، لە سەردەمی رووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی شیعە لە ئێران، ئەو زاڵ بوونەی هەستی مەزهەبی بەسەر هەستی نەتەوەیی لە ئاستی جەماوەریدا بەجوانی دەرکەوت و بەتایبەت کاتێک حکوومەتی ئیسلامی هێرشی هێنایە سەر کوردستان ، بەداخەوە لە هەستی مەزهەبیی هاونیشتمانانی کوردی شیّعەمان کەڵکی وەرگرت و ژمارەیەکی زۆریانی بۆ خەزا و "جیهاد" ناردە شەڕی هاونیشتمانەکانی خۆیانەوە.

تا چەند ساڵ پاشتریش ئێمە هەستێکی نیشتمانیی ئەوتۆ لە ناوچە شێعە کوردەکان نابینین و تەنیا ئەوە هێندێک رۆشنبیرن کە هەستی نەتەوەیی یا پێشکەوتنخوازیان بەسەر هەستی مەزهەبیدا زاڵ دەبێ و بەشداری لە مافخوازیی نەتەوەکەیاندا دەکەن و قوربانیش دەدەن.
هاتنە سەرکاری حکوومەتی مەزهەبی لە ئێران و بەڕێوەبردنی دەستووری ئیسلام (مەزهەبی شیعە) لە کاروباری حکوومەتدا، بۆ ئێمەی کورد دوو لایەنی هەبوو. لەلایەکەوە بەشێوەیەکی وەحشیانە نیشتە گیانی گەلەکەمان و کوشت و کوشتار و جەنایەت و خوێنڕشتنی وەڕێ خست و بە ئاگر و ئاسن وەڵامی مافخوازی گەلی کوردمان و گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێرانی دایەوە؛ لە لایەکی دیکەوە هاونیشتمانانی شێعە مەزهەبیشمان دەسەڵاتی مەزهەبەکەی خۆیان دیت و بۆیان دەرکەوت کە مەزهەب و ئایین(هەموو چەشنێکی) بۆوە ناشێ کە ناسنامە و هویەتی خۆتی پێ پێناسە بکەی.
گەر بەکورتی چاوێک لە ناوچەکەمان و بەتایبەت ئەو ناوچانەی بکەین کە هاونیشتمانانی کوردی بە مەزهەب شێعەیان تێدا دەژین، دەبینین حکوومەتی ئیسلامی بە کار و کردەوە جەنایەتکارانە و دژی ئینسانییەکانییەوە، نەک هەر خەڵکانی سکۆلار و لائیک بەڵکە ئەوەش کە هەستی مەزهەبێی هەبوو ، لە خۆی و لە دین بێزار کرد. واتا بەدەسەڵات گەیشتنی مەزهەب و ستەم و تاوانەکانی دژی هەموو دانیشتوانی ئێران(دیندار و بێدین) ، لە مەیدانی کردەوەدا هاونیشتمانانی شیعەی کوردمانی لە ڕۆژهەڵانی کوردستان هێنایە بوارێکەوە کە بە وشیاریی نەتەوەیی بگەن. بۆ نموونە ئەگەر تا چەند ساڵ پێش بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە هەر خۆی بە کورد نەدەزانێ و هەویەت و شوناسی خۆی لە شێعە بوون دا دەدیت، ئێستا ئیدی وشیاریی نەتەوەیی لەو ناوچانەش گەیشتووەتە ئاستی جەماوەری.
کەئەمە بۆ ئێمەی کورد دەسکەوت و بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران جێگەی وەحشەت و ترسە. هەر ئەوەشە کە دەبینین ئاخوندەکان بەتەواوی هێزەوە هەوڵدەدەن،وێڕای کوشتن و دامرکاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی لەم ناوچانە، پەرە بە خورافات و شیعەگەرییەکی ئیفراتی بدەن. کە نموونەی هەرە دیاری هەڵسوکەوتەکانی دام و دەزگاکانی حکوومەتی لە بووژانەوەی خورافات لە مانگی موحەڕەم و ڕۆژەکانی تاسوعا و عاشوڕایە.
گەرچی مانگی موحەڕەم و تاسوعا و عاشوورا بنەما و بناغەی حکوومەتی ئیدئولۆژیکیی ئێرانە و وەک خۆیان دەڵێن دەسەڵاتەکەیان هەڵقوڵاوی "بەرەکەتی عاشوورایە"(ئەڵبەت درۆش ناکەن)، بەڵام لە شارە کورد نشینەکانی شیعە مەزهەب لە رێگەی دام و دەزگا جۆربەجۆرەکان و بەکرێگیراوانی خۆجێیەوە ،هەوڵدەدەن ئەوە بەخەڵک ئێلقا بکەن کە شیعەگەری لە نەتەوە و کورد بوون گرینگترە.
بۆ ئەو مەبەستە ئیمساڵ لە شارە کوردنشینە شیعەکان و بەتایبەت لە کرماشان و بیجار مەراسمە دەوڵەتییەکانی ڕێوڕەسمی تاسوعا و عاشوورا زۆر بە قورسی و بە هەزینەکردنی پووڵێکی زۆر بەڕێوە چوون. ناوەندەکانی حکوومەتی بە نامە (هەم لە لایەن ئوستانداری و شورای ئامینی ئوستان) و هەم لەلایەن وەزارەتی کێشوەرەوە ئاگادار کرابوونەوە کە تەبلیغات لە سەر ئەو چتەی کە خۆیان پێی دەڵێن" فەرهەنگ شەدهادەت" و "تەشەیع" موتەمەرکز بێت. بەڵام بەختەوەرانە کۆمەڵانی خەڵک هێندە لە حکوومەت و کاربەدەستانی بێزارن کە ئەو تەبلیغاتانە شوێنی مەنفی و پێچەوانەیان هەبوو، بەشێوەیەک کە ئیتر لەم شارانە ئەو خۆ کوتان و خۆ ڕنینانەی ساڵانی پێشوو نەک هەر نەماوە بەڵکە خەڵکی ئاسایی بەتایبەت لاوان لە رۆژانی تازیەداریی عاشوورا کە بە "سینە زەنی" ناوبانگی

دەرکردووە، هیچ چەشنە سۆزێکیان بۆی نییە و کارمەندان و مووچەخۆرانیش کە بە ناچاری دەبێ بەشداری بکەن، بەزۆری خۆیان دەدزنەوە.
بێگومان ئەم رەوتە کە باسکرا تادێت پەرەی زۆرتر دەستێنێت. کە هۆکارەکەی لەلایەک بەرزبوونی ئاستی فەرهەنگی و وشیاریی نەتەوەیی و لەلایەکی دیکەوە،بوونی دینێکی حکوومەتییە کە دەیەوێ بەزەبری هێزی ئینتیزامی و سپا و بەسیج و لیباس شەخسی و ئیتلاعات ، واتا بە زەبری کوتەک و زیندان دین برەو پێ بدا، زۆر سرووشتییە کە ئەوە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە قەبووڵ ناکرێت. بۆیە کۆمەڵگەی ئێران، بە کوردستانیشەوە ئێمرۆ یەکێک لە کەم وێنەترین کۆمەڵگەکانی سێکۆلارە کە ئامادەی جیایی دین و دەسەڵات و قەبووڵ کردنی ئازادیی ( بوون یا نەبوونی )مەزهەبی هەیە.
خاڵێکی دیکە کە بۆ ئاماژە دەبێ ،هەلومەرجی ئێستای باشووری کوردستان و هەڵوێستی بەشێک لە کوردانی شیعە مەزهەبی ئەم بەشەی کوردستانە.
ئەم هاونیشتمانانەمان ،لە شۆڕشەکانی باشووری کوردستان و لانی کەم لە شۆڕشی ئەیلوول بەدواوە ، تا سەردەمی پاش ڕاپەڕینی 92 و دەستێوەردانەکانی حکوومەتی مەزهەبیی ئێران، هەمیشە لەگەڵ شۆڕش بوون . بەڵام بەداخەوە لەم کاتەدا بەشێکیان بەرەو پاش گەڕاونەتەوە و لەباتی داوای مافی نەتەوەیی و ئینسانی خۆیان ، شوێن شیعەگەری کەوتوون. ئەڵبەت ئەوان هێشتا دەردی هاونیشتمان و هاو مەزهەبەکانی خۆیان لە رۆژهەڵات و چارە ڕەشییەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێری مەزهەبییان نەچێشتووە، بەڵام هەر ئەوەی کە ئەمڕۆ هەردوو لایەنی شیعە و سونی ،بە شێوەکی دلڕەقانە( باشترە بڵێم حەیوانی ) کەتوونە گیانی یەکتر، نابێ وەخۆیان بێنێتەوە کە ئەو خەڵکە چ جیاوازییەکی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیان هەیە کە وا بەربوونەتە گیانی یەکتر؟ ئایا ئەو تەوەحوشە ئێمڕۆ شیعە و سونی لە کوشتنی یەکتر نیشانی دەدەن و بوونەتە داشی دەستی ئەم و ئەو ،نابێ هاونیشتمانانی کوردی شیعەی باشوورمان وەخۆ بێنێتەوە کە مەزهەب دەبێ کار و ئەرکێکی تایبەتی بێت و تێکەڵ سیاسەت و ژیان نەکرێت . بێگومان ئەم رەوەندەش لە باشوور کورت ماوە دەبێت و ئەو بەشەی لە هاونیشتمانمان کە ئەمڕۆ مەزهەبەکەیان بۆ گرینگ بووەتەوە، بەو ڕاستییە دەگەن کە مەزهەب دەبێ لە سیاسەت دوور ڕابگیرێت. چوونکە ئەوکات وەک ئەمرێکی شەخسی لای باوەڕمەندانی دەمێنێتەوە و تێکەڵ بە درۆ و دزیی و چەوسانەوەی دەسەڵاتداران نابێ.

خەرمانانی 2706